ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی لە باڵەخانەی سەرەکی شارەوانی گەورەی پاریس سازدەکرێت

ئەمساڵ ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی لە باڵەخانەی سەرەکی شارەوانی گەورەی پاریس سازدەکرێت.

عەلی دەمەری، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا ئەمڕۆ چوارشەممە لەمیانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ پارێزگاری هەولێر، هایگیاندوو، "لە دیدارەکەدا ئاماژە بە ڕەکخستن و سازدانی ئاهەنگی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی درا کە بەیارە بە ئەمساڵ بە ئامانجی قوڵکردنەوەی پەیوەندی دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی فەرەنسی و بەدەستهێنانی پشتیوانی زیاتری ڕەحکومەت و گەلی فەرەنسا لە کوردستان، ئەم ئاهەنگە بە بەشداری خاتوو ئان هیدالگۆ، سەرەکی شارەوانی پاریس و شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپرسانی دیکەی شارەکە لە باڵەخانەی سەرەکی شارەوانی گەورەی پاریس سازبکرێت، کە بە دەستپێشخەری نوێنرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا و بە هاوبەشی لەگەڵ سەرەکایەتی شارەوانی پاریس ئامادەکاری بۆکراوە".